

# کیسنجەر و کورد

# سەرنجێك لە پەیوەندییەکانی کورد و ئەمریکا لە روانگەی بەڵگەنامەکانەوە

**بەڵگەنامەیەکی بەشی ئەرشیفی ئاسایشی نەتەوەی ئەمریکی کە لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا بڵاوکراوەتەوە هەڵوێستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر دۆزی کورد لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیست دەخاتە روو**

سەردار عەزیز -ئیرلەندا

● پاشنیوەڕۆی چوارشەممە رۆژی 17ی کانونی یەکەمی ساڵی 1975 باڵویزخانەی عێراق لە گەڕەکی رودانديگین، پاریس 14 لە پایتەختی فەرەنسا، دانیشتنێکی کورت بەڵام گرنگ و نائاسایی بەخۆیەوە بینی. دانیشتنەکە تەنها 58 چرکەی خایاند، لە کاتژمێری 12:20 دەستیپێکرد لە 1:18 کۆتایی پێهات. ئەوانەی لە دەوری مێزی گفتوگۆ کۆببونەوە ئەو دوانیوەڕۆ ساردەی پاریس پێنج کەس بوون. دووانیان نوێنەری حکومەتی عێراق بوون، کە بریتیبون لە سەعدون حەمادی، وەزیری دەرەوەی عێراقی ئەوکاتە، هەروەها فالح مەهدی حەماش، باڵوێزی عێراق لە پاریس . لەلایەکی ترەوە نوێنەرانی حکومەتی ئەمریکا کە پێکهاتبوون لە وەزیری دەرەوەی ئەوکاتەی ئەمریکا دکتۆر هێنری کیسەنجەر، لەگەڵ هاوەڵێکی تریا کە پیتەر رۆدمان بوو لە ئاسایشی نەتەوەیی. لە دانیشتنەکەدا کەسێك بەناوی عیسا سەباح ئامادەیە کە لەوە ئەچێ سەر بە حکومەتی سعودیە بێت. بەپێی یاداشتی دانیشتنەکە لەوەئەچێت دانیشتنەکە لەلایەن حکومەتی ئەمریکییەوە پێشنیارکرابێت، بۆیە لە سەرەتادا کە کیسەنجەر قسەدەکات دەڵێ " هەردوو وڵاتی ئێمە لەم چەند ساڵەی دواییەدا ئەوەندە پەیوەندییان لەنێواندا نەبووە، بۆیە بەهیوام ئەم دانیشتنە ببێتە دەروازەیەك بۆ سەر لەنوێ دەستپێکردنەوەی پەیوەندی لەنێوان عێراق و ئەمریکادا. یەکێك لە خەسڵەتەکانی دانیشتنەکە ئەوەیە کە کیسەنجەر بەچاوێکی نزم سەیری هەردوو کەسایەتی سەعدون و فالح دەڕوانێ. کیسەنجەر لەمیانەی قسەکانیدا چەندینجار پەنا دەباتە بەر پێکەنین و گاڵتەکردن و هەندێجار رابواردن، کەچی لە بەرامبەردا هەردەم نوێنەرانی عێراق کەدێنە قسە بەوەسفی خاوەن شکۆ ناوی کیسەنجەر دەبەن. کیسەنجەر لە سەرەتادا دەڵێت " دەزانم پەیوەندی ئێمە بە تەنها دانیشتنێك چاك نابێت، بەدەم پێکەنینەوە، رەنگە پێویستی بە دوو دانیشتن هەبێت" شێوازی دەربڕین و پەیوەندەیکردن سەرتاپا دۆکیۆمێنەکەدا زۆرشتمان پێدەڵێت دەربارەی شێوازی دیپلۆماسی حوکمی رۆژهەڵاتییانە بە بەراورد لەگەڵ شێوازی رۆژئاواییانەدا. ئەم دۆکیۆمێنتەی من قسەی لەسەر دەکەم تەنا 9 لاپەڕەیە لەنێو کۆمەڵێکی زۆر لە دۆکیۆمێنتی تر کە لە 26ی ئایاری ئەمساڵ بەشی ئەرشیفی ئاسایشی نەتەوەیی ، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا 28386 لاپەڕەی نهێنی لە ئەرشیفی خۆی خستە بەرچاوی خوێنەران. سەرتاپا ئەم دۆکیۆمێنتانە دەربارەی هەشت ساڵ لەخزمەتی کەسایەتی دیپلۆماتی ناسراو هێنری کیسەنجەرە.

کیسەنجەر بەڕەچەڵەك جولەکەیە، ساڵی 1923 لە ئەڵمانیا لەدایکبووە، لە ساڵی 1938 لەگەڵ باوکیدا لەترسی نازییەت ئەڵمانیا جێدەهێڵن وەك پەنابەرێ روودەکەنە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لەوێ کیسەنجەر گەورە ئەبێت و دەچێتە بەر خوێندن تا دەبێتە مامۆستا و پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی بەناوبانگی هارڤەرد.

بە هاتنی نیکسۆن بۆ سەر حوکم ئەو بانگهێشت دەکرێت بۆ ئەوەی ببێتە یارمەتیدەری تایبەت و راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی، کیسەنجەر یەکێکە لەلایەنگرە سەرسەختەکانی قوتابخانەی ریالیزمی، لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، کە قوتابخانەیەکە پاش جەنگی جیهانی دووەم بۆ بەربەرەکارێکردنی قوتابخانەی ئایدیالیزمی لەسەر دەستی چەندین پسپۆڕی ئەکادیمیا و دیپلۆماتەوە هاتە ئاراوە. بەکورتی بڕوای وەهایە کە پەیوەندی نێودەوڵەتی نێودەوڵەتان هەردەم لە ئاشوبدایە، هەموو وڵاتێك بەردەوام لە ململانێدایە لەگەڵ وڵاتانی تردا بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی. بەکورتی هەموو شتێ رەوایە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ویستراو.

کیسەنجەر لە هەموو سیاسەتمەدارەکانی ئەمریکا زیاتر پەیوەندی راستەوخۆی بەکێشەی کوردەوە هەیە. کاتێك کیسەنجەر لەلایەن نیکسۆنەوە بانگهێشتکرا هەرزوو بۆی روونبۆوە ئەرکی سەرەکی ئەو گەیشتن بە ئاشتییەکی ئابڕوومەندانەیە لە شەڕی ڤێتنامدا. کیسەنجەر لەم روانگەیەوە پەیوەندی بە کێشەی کوردەوە هەیە. بەلای ئەمریکاوە عێراقی حەفتاکان وڵاتێکی دۆستی یەکێتی سۆڤیەت بوو. بۆیە کوردییان بەکارهێنا بۆ لاوازکردنی حکومەتی عێراق، بۆ ئەوەی نەبێتە قەڵایەکی سەختی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی سۆڤێت لەناوچەکەدا هەروەها بتوانن لەسەر مێزی گفتوگۆکان بەکاریبهێنن. ئەوەی جێی سەرنجە ئەو بەهەڵە تێگەیشتنەی ئەمریکایە، رۆژانی جەنگی

سارد هەر وڵاتێك پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا نەبوایە یان تەنانەت سارد بوایە لە پەیوەندیکردندا ئەوا خێرا ئەیخستە خانەی دۆستی یەکێتی سۆڤێتەوە و وەك دژێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد. بەڵام مێژوو سەلماندی لە چەندین کەیسدا ئەمریکا زۆر هەڵەبووە، بۆ نمونە بەپێی دانپیانانی ئەمریکییەکان خۆیان پاش شکستییان لە ڤێتنام بۆیان دەرکەوتووە هۆشی منە، کۆمۆنیست نەبوو بەڵکو ناسیۆنالیست یان نەتەوەپەرست بوو. هەمان تێڕوانینی هەڵە هەیە لەلایەن ئەمریکاوە بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان، پەکەکە لەلایەن ئەمریکاوە بە پارتێکی کۆمۆنیست تەماشادەکرێت، هەرچەندە خیتابی پەکەکە بۆنی سۆسیالیزمی لێدێت، بەڵام پەکەکە تا سەرئێسقان پارتێکی نەتەوەییە. بەهەمان شێوە بۆ عێراق، سەدام و داروودەستەکەی هەردەم ئامادەباشبوون بۆ ئەوەی جاشی ئەمریکا بن، ئەم بڕوایە بوو کە سەدام سەری لەبەردەرنەدەکرد. وەك پیتەر گالبێرت دەڵێت " ئەو هەتا لە کونەکەشی دەریانهێنا نەیئەتوانی لەوە تێبگات بۆچی ئەمریکا دژایەتی ئەکات، لەکاتێکدا ئەو زۆر زۆر بەباشی ئامادەیە کە هەتا لەسەر حوکمە جاشێکی ملکەچ بێت. رەنگە هەر لەم روانگەیەوە بێت کە تا ئێستاش بڕوای وایە رۆژێك دێت دەیهێننەوە سەرحوکم. ئەم بەڵگەنامەیەی بۆتانی باسدەکەم دەربارەی دوو تەوەرەی سەرەکییە، یەکەمیان ئیسرائیل ئەویتریشیان کوردە.

لەمیانەی قسەکردن لەسەر ئیسرائیل حەمادی دەڵێت " ئیسرائیل هەموو گۆڕانێك لە وڵاتەعەرەبییەکاندا بەدژی ئەو لێکدەداتەوە، تەنانەت گۆڕانی حوکمەتیش لەعێراقدا بەوشێوەیە لێکدەداتەوە (روون نییە چۆن حەمادی دێڕی وەهای بەدەمدادێت. بەڵام وشەکان ئیحای ئەوە ئەدەن بەدەستەوە کە ئەو لەمیانەی قسەکردنیدا حەماسەت گرتبێتی، عەرەب کە حەماسەت دەیانگرێ قەبەترین وشە هەڵدەبژێرن، ناوەڕۆکیان لەبیردەچێت، تا هەندێك خیتابی کوردیش ئەم سیفەتەی بەسەردا زاڵە). بۆیە هەر زوو کیسەنجەر وەك هەڵێك دەیقۆزێتەوە و بەدەم پێکەنینەوە لەوەڵامدا دەڵێت "بەتێگەیشتنی من ئیسرائیلییەکان رێگر نابن لەبەردەم ئەوەی ئەگەر ئێوە حکومەتەکەتان بگۆڕن لە عێراق، چونکە ئەو باش دەزانێت ئەوە کاری نەکردەیە" پاشان کیسەنجەر بۆ ئەوەی حەمادی وەها تێنەگات ئەو پێی رادەبوێرێ دەڵێت " دەزانم ئێوە کێشەتان چییە" پاش گفتوگۆیەك کە شێوازێکی تایبەتی هەیە، نوێنەری عێراق دەیەوێت لەسەرزاری کیسەنجەرەوە هەڵوێستی ئەمریکا بزانێت، بەڵام کیسەنجەر هەرگیز ئەوە بەلایەوە جێی بایەخ نییە، چونکە ناوەند و رێگەی تر هەیە بۆ ئەوەی هەڵوێستی عێراق شارەزابێت، بڕوای بە وشەی سەرزارەکی نییە.

کیسەنجەر لەم دانیشتنەدا بەپێی یەکێك لەشێوازە دێرینەکانی دیپلۆماسییەت هەڵسوکەوت دەکات ئەویش شێوازی هەنگاو بەهەنگاوە. بۆ نمونە ئەو ئەوەندە پرسیار ناکات، چونکە هەموو مەبەستێکی لە دانیشتنەکە ئەوەیە کە سەرەتایەك دارێژێ، بەڵام لێپرسراوە عێراقییەکان لەبەر نەبوونی شارەزایی دەیانەوێت لەو دانیشتنەدا لە سەرتاپای مەسەلەکان بدوێن و هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەری بزانن. ئەوان لەبەر بێشارەزاییان لەوە بێئاگان کە کیسەنجەر لەو دانیشتنەدا مەبەستی تەنها یەك هەنگاوە و زیاتر نا، کیسەنجەر چەند جارێك راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەوە ئاگاداریان ئەکاتەوە، بەڵام زاڵبوونی عەقڵی خێڵایەتی و نەبوونی ئاگای دیپلۆماسی لێپرسراوە عێراقییەکان بەرەو قسەکردن لەسەر کێشە گەورە و چارەنوسسازەکان دەبات. کیسەنجەر بە عێراقییەکان دەڵێت "ئێمە دەتوانین بەبێ هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا بژین، بەڵام سیاسەتی نوێمان بەرەو باشترکردنی پەیوەندییە لەگەڵ ئەو وڵاتەدا" کاتێك عێراقییەکان لەپێداگرتن لەسەر مەسەلەکان سوردەبن، ئەو بەتەواوی لە سیاقی دیپلۆماسی دەرئەچێت و وشەی بازاڕی وەك گەمژە و گەلحۆ لەبەرامبەر عەرەبەکاندا بەکاردێنێت. بەتایبەت کاتێ قسە لەسەر گۆڕانی هاوسەنگی هێزەکان ئەکەن لەناوخۆی ئەمریکادا بەرامبەر کێشەی عەرەب ئیسرائیل، کیسەنجەر دەڵێ " هاوکێشەکان لەگۆڕاندان، بەسەراحەت بیڵێم و ئەگەر عەرەب بەکاری گەمژانە هەڵنەستێ، ئەوا هاوکێشەکان بەلای کەمەوە بەرەو هاوسەنگی دەڕۆن". زۆری تر دەربارەی پەیوەندی عەرەب و ئیسرائیل لە دیکۆمێنتەکاندا باسکراوە بەڵام ئەگەر تەنها بایەخێك هەبێت بۆ خوێندنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانە، ئەگینا بۆ خوێنەری کورد ئەوەندە جێی بایەخ نییە. (نووسەر لەمیانەی لێکۆڵینەوەکانی زانکۆ، بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆرێکی بەریتانی ساڵی داهاتوو بۆ زانکۆ بەزمانی ئینگلیزی بابەتێك دەربارەی دیپلۆماسییەتی کیسەنجەر و کورد ئامادەدەکات کە بەهیوام ببێتە کتێبێك).

بۆیە زیاتر لەسەر ئەو بەشەی هەوارگەم ئەخەم کە پەیوەستە بەکوردەوە. شایەنی باسە کورد و ئیسرائیل لەڕوانگەی عەرەبەوە وەها پێدەچێت بەیەك چاو تەماشابکرێن. بەمانایەکی تر عەرەب وەها لە کورد و ئیسرائیل ئەڕوانێ بیانین لەسەر خاکی عەرەب. ئەم روانگەیە پێویستی بەبیرلێکردنەوە و زیاتر و زیاتر قسەلەسەرکردنە. ئایا ئیسرائیل ئەو دیدەی خوڵقاندووە یان هەر رەگی لە کلتوری گەندەڵی رۆژهەڵاتدا هەیە، ئەگەر بەگشتی بڕوانین نەك تەنها لەنێو عەرەبەکاندا بەڵکو لەنێو سەرتاپا گەلانی رۆژهەڵاتدا هیچ کەمە نەتەوەیەك یان ئیتنیکێك نیە خاوەنی مافی خۆی بێت. هەرچەندە ئەمەش هێشتا لە ئەوروپا و رۆژئاوا بەشێوەیەکی گشتی چارەسەر نەبووە، بەڵام قۆناغی زۆری بڕیوە. بەڵام رۆژهەڵاتی هەموو هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و قسەکردن و چالاکییەکانی گەواهی ئەوە دەدەن کە ئەو دۆڕاوە، هەست بەکەمی دەکات، توندڕەوە، توانای کوشتنی زیاترە لە لێبوردن، مەحاڵە چاوەڕوانی ئەوەی لێبکرێ بتوانێ رێگە بەکەسێکی تر بدات ئازادبێت. چونکە نە ئەزانێ ئازادی چییە، هەر کاتێکیش بەرامبەری بووە ئەوا لێیئەترسێ و رقی لێیبۆتەوە. هەرچەندە ئەم کلتوری توندرەوی و گەشەی ئاینە ئەمریکای بەشێوەیەکی بەربڵاو تەنیوەتەوە و بەجۆرێك بانگەشەی ئەمریکا بۆ دیموکراسی درۆزنترین بانگەشەیە لەمێژوودا. لێرەدا تەنها نمونەیەکی بچووك دەهێنمەوە، کورد واتەنی مشتێك جۆ نمونەی خەروارێکە، پاشان دەگەڕێمەوە سەر دۆکیۆمێنتەکە. جۆشوا کاسل سەربازێکی ئەمریکیە، لەهاتنی بۆ عێراق کاری لێپرسینەوە بووە لە بەندیخانەی ئەبوغرێب، جۆشوا مەسیحییەکی بڕواداری توندڕەوە، سەر بەگروپی سیدەر راپیدە لە ئەیوا، بڕوای بەوە هەیە کە ئەو ئەرکی سەرشانیەتی پەیامی مەسیح بڵاوکاوتەوە لەنێو خەڵکیدا، جۆشوا وەك خۆی دانی پیادەنێت، خاڵی وەرگێڕان لەڕۆژانی عێراق، ئەو رۆژە بوو کە توندڕەوێکی سعودییان هێنا کە تەنها تەمەنی 22 ساڵ بوو، کابرای سعودی دان بەوەدا دەنێت کە هاتووە بۆ عێراق بۆ کوشتن، جۆشوا لێیدەپرسێت بۆچی هاتووی بۆ عێراق بۆ کوشتن؟ کابرای سعودی لەوەڵامدا دەڵێت ئەی تۆ بۆچی هاتووی بۆ عێراق

بۆ کوشتن؟ جۆشوا پێیدەڵێت من بۆ ئەوە نەهاتووم پەیامی مەسیح بلاوبکەمەوە. کە خۆی لەخۆیدا درۆیەکی بێشەرمانە بوو. لەمیانەی لێپرسینەوەدا جۆشوا بۆی دەردەکەوێت کە کابرای سعودی سەر بەقاعیدە و خۆی بەیەك شێوە بیردەکەنەوە. لەژیاندا یەك بەرنامەیان هەیە تەنها لە بەکارهێنانی زاراوەکاندا جیاوازە، جۆشوا دەڵێت "حەزم دەکرد مرۆڤانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەم، بەلاّم ئەوە پێچەوانەی یاسای سەربازی بوو". هەربۆیە کە جۆشوا دەگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا وەك هەزارانی تر بڕیاردەدات واز لە خزمەتی سەربازی بێنێت.

پێش گواستنەوە بۆ سەر کێشەی کورد حەمادی قسەدەکات و دەڵێت "خاوەن ڕێز، تۆ و ئێمە بەڕاشکاوی دنیابینیمان بەرامبەر ئەم مەسەلەیە جیاوازە، تۆ پاڵپشتی بوونی دەوڵەتی ئیسرائیل دەکەیت، ئێمە، نا". (شایانی باسکردنە لەمیانی گفتوگۆکاندا کیسەنجەر ڕاشکاوانە رای تایبەتی خۆی بەرامبەر بوونی ئیسرائیل ڕووندەکاتەوە) بۆیە لەوەناچێ دەربارەی ئەم خاڵە بگەینە هیچ دەرەنجامێ، بۆیە باشتر وایە بگوێزینەوە سەر بۆ خاڵێکی تر. حەمادی لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت " ئێمە دژایەتیمان نییە لەوەی ئێوە لەگەڵ هەر ولاّتێکدا پەیوەندیتان هەبێت، ئەگەر ئێمە لەگەڵ ئەو ولاّتەشدا ناکۆك بین. ئێمە لەڕۆژنامەکانی دەیخوێنینەوە کە ولاّتە یەکگرتووەکان بەچەك یارمەتی بزووتنەوەی کورد دەدات لەباکوری عێراق، هەرچەندە هەڵوێستی ئێمە لەسەر ئەوە ڕانەوەستاوە. بەلاّم ڕوانگەی تۆ چییە لەمبارەیەوە؟"

کیسەنجەر: ئێمە بڕوامان وەهابوو ئێوە سەر بە سۆڤیەتن، ئێمە ناڕازی نەبووین لەوەی ئێران پێی هەڵدەستا لەناوچە کوردییەکاندا. ئێستا کە ئێران و ئێوە کێشەکانتان چارەسەر کردووە، هیچ بەهانەیەك نییە بۆ ئێمە پاڵپشتی کاری لەوشێوەیە بکەین. دەتوانم پێت بڵێم ئێمە لە داهاتوودا بەهیچ جۆرێك دەستوەرنادەینە کاروباری ناوخۆی عێراقەوە.

حەمادی: لەبەرئەوەی ئێمە لەگەڵ ئێراندا ڕێکەوتین ئێوە ڕاتان گۆڕی و بڕواتان وایە کە ئێمە سەر بە سۆڤیەت نین؟

کیسەنجەر: ئێمە ئیچستا تێگەیشتنێکی چڕوپڕمان هەیە، ئێمە بڕوامان وایە کە ئێوە دۆستی یەکێتی سۆڤیەتن، بەلاّم لەسەر دید و بڕوای خۆتان کاردەکەن.

حەمادی: ئەگەر هاتوو ساڵی داهاتوو ئێمە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا ڕێکەوتنێکی ئابوریمان ئیمزاکرد، ئایا دەگەڕێنەوە بۆ بڕواکەی پێشووتان؟

کیسەنجەر: من نەهاتم بۆ ئێرە ئەگەر مەبەستمان ئەوەنەبێ کە پەیوەندی نوێمان لەگەڵ عێراقدا هەبێت. ئەگەر ئێوە پەیوەندی ئابوریتان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا هەبێت ئەوە پەیوەندی بەخۆتانەوە هەیە. ئێمە دەستی تێوەرنادەین. ئێمە بڕوامان وەهایە کە ئێوە خۆتان بڕیاردەری خۆتانن. ئێمە حەزمان لەوەیە ئێوە خۆتان چیدەکەنە. (پێکەنین) ئێمە بەرەو پەیوەندییەکی پتەوتر هەنگاودەنێین لەگەڵ عەرەباندا، بۆیە بڕوامان وایە پەیوەندیمان لەگەڵ عێراقدا لەجێی پێویست نییە.

حەمادی: ئێمە دید و چەمکی جیاوازمان هەیە، ئێمە پەیوەندیمان هەیە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا، چەکیان لێدەکڕین، ئەمە وا دەکات کە ئەمریکا لە بەرامبەردا دەستوەربداتە ناوکاروبارمانەوە و یارمەتی ئەو بزوتنەوەیە بدات کە دەیەوێ ولاّتەکەمان پارچەپارچە بکات.

کیسەنجەر: ئەوە زیادەڕوییە، ئێمە ولاّتی سەرەکی نین لەو دەستێوەردانەدا.

حەمادی: بەلاّم ئەمریکا چەك دەبەخشێت، بەهەرحاڵ؟

کیسەنجەر: بەهەرحاڵ

حەمادی: کوردیش ئامانجیان ئەوەیە عێراق بەشبەش بکەن.

کیسەنجەر: باوەڕناکەم پێویست بوبێت ڕابوردوو لێکبدەینەوە، من دەتوانم پێتبڵێم کە مەبەستمان چییە، لە مەبەست و نیگەرانییەکانت تێدەگەم. دەتوانین چاوەڕێکەین. پێویست ناکات لەم دانیشتنەدا بگەینە ئامانج.

حەمادی: ئەوەی بەلای ئێمەوە جێگەی نیگەرانییە، ئایا بەڕاستی ولاّتە یەکگرتووەکان رای خۆی گۆڕیوە. چی گەرەنتی ئەوە دەدات کە ئەمە دووبارەنابێتەوە. هەرکاتێ هەر ولاّتێ مافی سەروەری خۆی پیادەدەکات، ئەمریکا بەجۆرێك دەستی تێوەردەدات، کە سەرتاپا سەروەری ئەو ولاّتە پێشێل دەکات.

کیسەنجەر: سوریا بەنمونە وەربگرە، سوریا هەموو چەك و تفاقی لە سۆڤیەت وەردەگرێت. بەلاّم بە دانپیانانی سورییەکان خۆیان ئێمە هەرگیز دەستمان وەرنەداوەتە کاروباریان. لەڕووی دیپلۆماسییەوە هەوڵمانداوە ئەو کاریگەرییەمان هەبێت لەسەر ئەو سیاسەتە، کە شتێکی ئاساییە. بۆیە بەبونی پەیوەندێکی پتەوتر لەگەڵ عەرەباندا لەوە دەبورین.



دانیشتنەکە بەوە کۆتایی پێدێت کە جیاوازی بکەن لەنێوان سیاسەت و بوارەکانی تردا. چونکە لەڕووی سیاسییەوە لەوەناچێت هەردوولا بگەنە ڕێکەوتن بەلاّم لەبواری تەکنەلۆژی و ئابووریدا وەك حەمادی دەڵێت عێراق دەرگای دانەخستووە لەبەردەم کۆمپانیا ئەمریکییەکان. بۆیە هەردوولا لەهەمانکاتدا پێیان باشە کە دانیشتنی تر هەبێت. کاتێك کیسەنجەر دەپرسێ چۆن بەردەوامبین لەڕێگەی نوێنەرەکانمان لە نەتەوەیەکگرتووەکان یان لەڕێگەی واشنتۆنەوە، حەمادی دەڵێت با کەیس بەکەیس لێی بکۆڵینەوە.

کورد و بزوتنەوەی کورد و چۆنێتی پەیوەندی لەگەڵ هێزەکانی دەروبەر و شوێنی کورد لەنێو گەمە نێودەوڵەتییەکاندا، تا ئێستا بەشێکی زۆر نهێنییە و لەڕێی کەسەکانەوە ئەنجامدەدرێت. ئەم ناوەندە پێویستی بەبیرلێکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لەپێناوی گەیشتن بەتێگەیشتنێك کە یارمەتیمان بدات، کاتێك کورد ئامادەبووە قارەمانانە خوێن بڕێژێ، چۆن لە ژووره داخراوەکاندا چارەنوسی بڕیاری لەسەر دراوە. لەمیانەی خوێندنمدا لە زانکۆ حەزدەکەم ئەوە بکەمە پرۆژەیەك ، بۆیە لەخوێنەری بەڕێز داوا دەکەم هەر بەڵگەنامەیەکی لایە یان پێدەزانێت لەوبارەیەوە، بەزمانەکانی کوردی، عەرەبی، فارسی، ئەڵمانی، ئیتالی، یان ئینگلیزی، یارمەتیدانی جێی ڕێزە.